هەربریندارێک لە پێناو خوای گەورە بریندار بکرێت؛ ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا دێت، وبرینەکەی خوێنی لێوە دەردەچێت: ڕەنگ ڕەنگی خوێنە، وبۆن بۆنی میسکە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«هەربریندارێک لە پێناو خوای گەورە بریندار بکرێت؛ ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا دێت، وبرینەکەی خوێنی لێوە دەردەچێت: ڕەنگ ڕەنگی خوێنە، وبۆن بۆنی میسکە».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەزڵی جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورە وئەو پاداشتەی بە موجاهید دەبەخشرێت ڕووندەکاتەوە، ئەوەی کە لە پێناو خوای گەورە بریندار بکرێت؛ بکوژرێت یان چاک بێتەوە ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا بە دروشمی جیهاد کردنەوە دێت وئەو ناڕەحەتیەی لە پێناو خوای گەورەدا تووشی بووە لێی دەردەکەوێت، برینەکەی نوێ دەبێتەوە، خوێنی برینەکە خوێنی ئاساییە بەڵام بۆنی میسکی لێوە دەردەچێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2991